# بەرەی تورکمان خەتەر نییە لەسەر کورد

**ئازادرەشید**
28.2.2005

لە ئازادی عیراقەوە بیرو بۆچونی من وابۆ بەرەی تورکمانی جیگای مەترسی نییە لە کەرکوک هۆکارەکانیش زۆرن هەر حزبیک یا کۆمەڵیک بە توند رەوی بیتە گورەپانەوە ئەوە زۆر بە ئاسانی بەرەو شکستی دەچیت بەتایبەتی پاش سەدەی بیستەم گورانکاریەکی تەواو بەسەر هەمۆ دونیادا هاتووە وولاتە زلٚ هیزەکانی جیهان بە هەمۆ هیزۆ توانایەکی سەربازی و سیاسی و ئابوری دژی ئەو بیرۆ بۆچونە توند رەوانەن ئیتر ئەو توند رەوی یە چ ئاینی بی یان نەتەوەیی بی ..بۆ ئەم بە گژا چۆنەوە بەزوری وولاتانی دونیا هەمان هەڵسۆ کەوتیان هەیە .

ئەگەر دوور نەکەوینەوە لە ناوچەکەی خۆمان وەک کورد پکک گەورەترین هیزی پیشمەرگەو ئابوریەکی باشی هەبۆ لە کوردستان و دەرەوەی وولات بەلاٚم ئەو توند رەویە وای کرد چەند وولاتیک دژایەتی بکات تا گەشتە ئەو رادەیەی کە ئوجەلان لە هیچ وولاتیکی پیشکەوتو ئازادی خواز ئەوانەی مافی مرۆڤ پیشیل ناکەن ڕیگەیان نەدا ئوجەلان بچیتە وولاتەکەیان ئەمەش هوکارەکە ئەو توند رەویە بوو شیرازەی سیاسی و ئابوری و عەسکەری پکک تەواو تیک چۆ دابەش بونە سەر چەند کۆمەڵ و حزبیک وە لە کوردستانی باشوردا چەندین گرۆپ و حزب دروست بۆ حزبە کوردیەکانیش دژایەتیان دەکرد نەیانتوانی لە ناۆ جەماوەردا گەشە بکەن خەڵکیش لەگەڵ توند رەویدا نیە زیاتر بۆ پاراستنی باری ئابوری خۆیان هەمۆ توند رەویەک زیانی ئابوری هەیە پیش زیانی روحی .توند رەوە ئسلامیەکان لە هەمو جیهاندا بەرەو نەمان دەچن تا چەپە توند رەوەکانیش زوریان ناوی خۆیان دەگۆرن بەلاٚم لە پاڵ ئەمانەوە ئیسلامیە نەرمەکان گەشەیان کردووە لە هەمو جیهاندا

جەبهەی تورکمانی لە چەند حزبێک پیکهاتووە زیاتر لەژیر بریارەکانی میتی تورکیدا کار دەکەن لە ناۆ خۆیاندا یەکتر قەبۆڵ ناکەن بەلاٚم ناچارن پێکەوە کار بکەن زیاتر هاوکاریە مادیەکەی میت وای کردووە خۆ ئەگەر ئەمانیش وەک حزبە تورکمانیەکانی تر حزبە کوردیەکان هاوکاربی مادییان بکەن ئەوە زۆریان لە ناۆ جەبهە نامینن لەناو خۆیاندا کیشەیان هەیە لەسەر دەسەلاٚت و پارە جەند کەسیک کونترولٚی جەبهەی تورکمانی کردووە زیاتر ئەوانەی لە میتی تورکیەوە نزیکن هەر حزبێکی ناۆ جەبهەی تورکمانی پەیرەو بەرنامەی جیاوازی هەیە تەنها هاۆکاریە مادیەکە کویانی کردوتەوە بویە پارچە بوونیان نزیک بۆتەوە جەبهە ئەو 3 ملیونەتورکمانەی باسیشی لیوە دەکەن ئەوە مانگی سوری تورکی بە سەرژمیری ئازوقە دابەشکردن ژماردویانە بۆ نمونە لە سلیمانی نزیکەی9هەزار تورکمان نوسراوە لە چەمچەمال 3 هەزار تورکمان نوسراوە, لە هەمۆ سلیمانی 9 خیزانی تورکمان نەبووە تا ڕاپەرین لە چەمچەماڵ2 خیزانی تورکمان هەبووە ئەویش بەعس ڕەوانەی کردوتە ئەوی کە فەرمانبە بوون

ئەو تورکمانانە کەزیاتر خەتەرناک دەبن لە پاشە ڕۆژدا ئەو تورکمانانەن کە خۆیان بە دۆستی ئەحزابی کوردی دەزانن وە بە هەمۆ شیوەیەک هاوکاری دەکرین وە ئاگاداری بەرنامەکانی حزبەکانن خەتەر لای ئەوانەوە درۆست دەبی کەزۆر بەنەرمی دینە پیشەوە بۆ مەبەستیکی تایبەت بۆ داهاتو هەروەک ئەحزابی

معارەزەو شیعەی عەرەب تا لە کوردستان بوون چەند نەرمۆ پیاۆ چاک بوون هەر کە دەستیان گەیشتە کەم ترین دەسەڵات کەوتنە دژایەتی داواکاریەکانی کورد .تورکیا بەرنامەی خۆی دەگۆری هەوڵدەدا لەۆ حزبانەی دەرەوەی جەبهە خۆی نزیک بکاتەوە دەتوانی هەندی لە بەرنامەکانی خۆی لەۆ ڕیگایەوە جی بەجی بکات .

یەکی لەۆ خاڵانەی ئەحزابی کوردی هەوڵی بۆ بدەن ئەو رقۆ کینانە کەم بکەنەوە بەرەۆ نەمان بچیت ئەوە دەبی هەوڵ بدەن زیاتر خەڵکی ناۆ شارەکە دەسەلاتیان هەبی .مەترسیەکی تر عەرەبە هاوردەکانە چونکە وەک داگیر کەران هاتون بەلام تورکمان خەڵکی ناۆ شارەکەیە دەتوانری هەڵسۆ کەوت لە گەڵیاندا بکرێت وەک ئەوەی سەدان ساڵە کوردو تورکمان پیکەوە ژیاون .